# تاراوگە، ئەدەب و هونەر)

**ن: هێژا**

زاراوەی تاراوگە بۆ ئێمەی کورد کە مێژوو و رابردوومان پڕە لە ئاوارەیی و دەربەدەری و دوورکەوتنەولە زید و نیشتمانی خۆمان، زاراوەیەکی نامۆو نا ئاشنا نییە، ژیانی تاراوگ نشینی بە هەموو گیرو گرفت و تەنگ و چەڵەمەکانییەوە بۆ گەلی کورد کە لە پێناو مافی رەوای خۆیدا خەباتی کردووە و لە پێناویشی دا خوێنی داوە، ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری بووە، مەسەلەی ئەدەب کە گەلی کورد وەك چەکێك بۆ بەرەنگاری و رووبەروو بوونەوە لە بەرامبەر دوژمنانی دا بە کاری هێناوە، تەنیا دەلاقەیەك بووە کە لە وێدا کورد توانیویە هاوارو دەنگی مەزلوومیەتی خۆی بە گوێی دونیا بگەیەنێ و تارادەیەك مان و مەجوودییەتی خۆی بسەلمێنێ، ژیانی تاراوگەیی زۆر لە دیاردە و داب و نەریت و کولتووری تاکی تاراوگە نشین لە گەڵ خۆی دا کێش دەکا و بەڵام لە نێو زۆر لایەندا ئەدەب لە هەموان زیاتر توانیویە جێ پێی خۆی قورس و قایم بکا و خۆی بنوێنێ، ئەدەب کە ئاوێتەی ژیانی کۆمەڵ نەبێ، تابووتێکە جوان و رازاوە، لە قەبرستانێکی بێ دەنگدا و ناوەرۆکەکەشی جەنازەیەکی مۆمیایی کراوە. وڵاتی ئێمە وڵاتی مەرگ و خوێن و قوربانیە. بە درێژایی مێژووی پڕ لە خوێن و ئازاری لە پێناوی ئازادی سەربەستی دا خەباتی کردووە بۆ بە دەستهێنانی سەرەتایی ترین مافەکانی. بەڵام بە هۆی دووبەرەکێ و خەیانەتی دوژمنانی ناوەکی و دەرەکی هیچی بە هیچ نەکردووە. ژیانی تاراوگە زۆر شت و دیاردە و شوناسی میللی و نەتەوەیی لە مرۆڤ زەوت دەکات، یان لانیکەم لێیان دوور دەخاتەوە، تاکی تاراوگەنشین، بە هۆی گیروگرفتی نیشتەجێ بوون و نا ئاشنایی لە گەڵ کولتوورو گرفتی بژێوی ژیان و.... پێی ناکرێ وەك پێویست ئاوڕ لە رابردوو و شوناسی خۆی بداتەوە سەرەرای ئەوەش کولتووری شوێنی نیشتەجێ بوونیشی ناراستەوخۆ کاریگەری لە سەر ژیان و کردەوەو ئاکارو نووسین و گوتنی دادەنێ‌ن بەڵام مرۆڤی ئەدیب و هونەرمەند ئەم سنوورەی بەزاندوەو وەك رچەشکێنی مەیدان ژیانی تاراوگەیی نەیتوانیوە کاریگەریی لە سەری هەبێ و لە کولتوور ئاوات و خەونەکانی نیشتمان و زێدی خۆی دووری بخاتەوە، بۆیە هەمیشە و هەموو کات خۆشەویستیی نیشتمان و دەرد و ئازارەکانی کۆمەڵی خۆی بڕبڕەی پشت و نێوەڕۆك و کاکلی بەرهەمەکانی بووە ئەدەبی تاراوگە ئەمڕۆی لە گۆڕەپانی ئەدەبی



کوردی دا جێگای تایبەت و قسەی خۆی هەیە بۆ کردن، زۆربەی ئەدیبان و نووسەران و هونەرمەندانی ئێمە مرۆڤی تاراوگەنشین، خۆی لە بەردەم دیاردەی نوێی و تەکنۆلۆژیاو دنیای مۆدێرن و شارستانیەت دا دەبینێتەوە، لە دوو دەیەی رابردوو بە تایبەت لە نەوەکان کە کوردستان ببوە گۆڕەپانی پێکدادان و شەڕو ئالۆزی نێوان پارتە سیاسی‌یەکان، نەوەی نوێ و گەنجی کورد بە لێشاو کوردستانیان بە جێ هێشت و روویان لە هەندەران کردو ژیانی تاراوگەیان هەڵبژارد کە تیایاندا ئەدیبان و نووسەران و بیرمەندان دەبینران.

کۆچ کردنی بە لێشاو رێخۆشکەرە بۆ کۆنەپەرستی و سەلەفیەت، تاراوگەنشینی هۆیەکە بۆ دابڕانی کۆمەڵاتی و رۆشنبیری و کولتووری، بەڵام لەم نێوەدا ئەدیب و شاعیر بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی و عەشق و خۆشەویستیی نیشتمان، هەمیشە بیری لای نەتەوەکەیەتی و بە دەردو خەم و ئازارەکانیانەوە ئەتلێتەوە، بۆیە دەبینین شێعری کوردی لە تاراوگە پێ دەگرێ شان بە شانی شێعری شاعیرانی ناوخۆی وڵات گەشە دەکا، بۆ نموونە، زۆرێك لە گەورە شاعیران و ئەدیبانی ئێمە ئەو قۆناغە ئاڵۆزو پڕ کێشەیەی کە کوردستان پێیدا تێپەڕیوە لە تاراوگە ژیان و جوانترین و بە پێزترین بەرهەمەکانیان لەوێ خوڵقاندوە: وەك: عەبدوڵڵا پەشێو کە براکوژی نووسیوە، شێرکۆ بێکەس، رەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی، شێرزاد حەسەن، لە ناو هونەرمەندانیش وەك ناسری رەزازی، شوان پەروەر، مەزهەری خالقی، نەجمەی غوڵامی و نەمر مەرزیەی فەریقی و عەدنان کەریم و هتد... ئەمانە توانیویانە لە دیاردە مۆدێرن و بە کەڵکەکانی رۆژئاواو ژیانی تاراوگە کەڵك وەربگرن و بە شێوەیەکی نوێ و ئەمڕۆیی بیخەنە خزمەت ئەدەب و هونەر و کولتوور و ئامانجەکانی گەلەکەیانەوە، ئەم راستی‌یە بۆ تاقمێك لە ئەدیبان و نووسەران کە توانیویانە لە تاراوگە گەشە بکەن وەڕاست دەگەڕێ، ناسیۆنالیزم و کولتوورو هەستی نیشتمان پەروەری وەك توخمی زاڵ لە دەروونیاندا تەشەنە دەکا ئەبێتە ئاوێنەی باڵا نوێنی بەرهەمەکانیان، زۆرن ئەو ئەدیب و نووسەرانەش کە لە بەرامبەر کەش و هەوای رۆژئاواو کولتووری زاڵی تاراوگە خۆیان دۆڕاندووەو تووشی وەهم شڵەژان و بێهیوایی هاتوون نە تەنیا نەیانتوانیوە بە جوانی خۆیان لە گەڵ دیاردەی‌یە جیهانیبون (گولوبالیزیشین) دا بگونجێنن، بەڵکوو لە کولتووری خۆیان دوورکەوتونەتەوەو تووشی سەرلێشێواوی بوون وەك وەفایی دەڵێ: بە جارێ ماڵی وێرانم ئەمیشك چوو ئەویشم چوو:

ئەدیبی و هونەرمەنی کورد لە تاراوگە توانیویە تاراوگەیەك لە رێگای وەرگێران و ئەو چالاکییە ئەدەبی و هونەرییانەوە کولتووری نەتەوەکەی بە دنیای دەرەوە بناسێنێ و هاواری کپ کراوی گەلە بێ مافەکەی بە گوێی لایەنە بەرپرسە جیهانییەکان بگەیەنێ، ئەدیب و هونەرمەندی کورد بە هۆی ئەو سامانە و فۆلکلۆرە دەوڵەمەندی کە لە بەردەستی دایە هەمیشە لە نێو کۆڕو نێوەندە ناوچەیی و جیهانیەکاندا رچە شکێن و دیارو بەرچاو بووە لە بەرامبەر کولتووری نەتەوەکانی دیکەدا، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەدەب و هونەری تاراوگە هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورت خایەن نەیتوانیوە دەنگی خۆی هەڵبڕێ و بوونی خۆی بسەلمێنێ بەڵام هیچ کات لە دەق و بەرهەمی نووسەرانی ناوخۆدا نەبڕاوەو ئەگەر لە وان سەرتر نەبووبێ کەمتر نەبووە، ئێستا بە هاتنە ئارای ئەم دۆخە لەبارە بۆ کوردستان و سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر وەك: رومان چیرۆك، شانۆ، سینەما و گۆرانی و مۆسیقا و ئەو نوێخوازی و تەکنۆلۆژیا و دنیا پان و بەرینە دا گەیاندنی کە کورد لە بەر دەستی دایە دەتوانین هیواو ئومێدێکی ترمان لە ئەدەبی تاراوگە هەبێ تاکوو بتوانن زیاتر لە مەیدانە دا زیاتر چالاکی بنوێنن بەرهەمی بە پێزو پڕ نێوەڕۆك پێشکەش بە رۆشنبیری کوردی بکەن لە بواری هزرو راهێناندا ئەدەب و هونەری کورد بگەیەننە ئاستی جیهانی.